نوسین موسین نا، كــەرە
جەناب، ناوت سیخورە

# كـــــــورد دوژمنی خۆت بناسە بیرەوەری كوردێكی بەرِەگەزجولەكەی سەربە موخابەراتی حیزبی بەعسی ئێراقی ... خالید نورە دینـی

ماوەی چەند ساڵێكە،كۆنەسیخورێكی سەر بەناوچەی پشدەر،بەناوی رەفیق پشدەری دەستیكردوە بەنوسینی بیرەوەری یەكانی لەژێرناوی (كورد دوژمنی خۆت بناســــە) .
جارێ پێش هەموو شـــــــتێك من بۆ مـــــێژوو ئەوە دەڵێم، راستە لای هەندێ كەس ئەوزاتــە بە پشدەری ناسراوە. بەلاَم لەراستیدا ناوبراو بەرەگەز جولەكەیــە.
ئەوانە چۆن بونەتە موســــــــــــڵمان و چۆن لە شاری قــــــــــــــــەلاَدزێ جێگیربوون، مێژویەكی دورودرێژەو لــێرەدا نەجێ دەبێتەوە و نە پێویستیش دەكات سەری ئێوەی بەرێزی پێ بهێشێنم.
ئەوەی گرنگەو مەبەستی منە ئەوەیە كە، ئەو كەسە تان پێ بناسێنم و لە راستـــــی و دروستی نوسینەكانیتان ئاگادار بكەمەوە
1_ تەواوی قەلاَدزەیی یە رەسەنە كان، ئەو راستــــــــی یە دەزانن كە، رەفیق پشدەری لەگەڵ سەركەوتنی یەكەم كودەتای بەعسی یەكان، هاوكارو هاو رازی بەعسیەكان بوە و بوەتە و گوێ لەمستیان. بەدوریش نازانرێت كە هەرلەتەمەنی لاوێتی یەوە،واتا پێش یەكەم كودەتای بەعسی یەكان، ئەم، لەگەڵ رژێمەیەك لەدوا یەكەكانی ئێراق دەستی تێكەلاَوكردبێت و كاری سیخوریەتی بۆ كردبن.
2- كەمال پشدەری (1) كەبرای ناوبراوە. تا رۆژگاری ئینتیفازەش،یەكــــــــــــــــێك بوو لە بەرپرسە بەناوودەنگەكانی (ئەمنەسورەكەی سلێمانی) .
ناوبراو، ئەوەی كەنوسیویەتی لە هەر 4 بەرگەكانی كتێبەكەیدا، چەواشە كــردن و بەراوەژوو نیشاندانی راستی یەكان و رشتنی رق و كینەیەتی بەرامبەر بە پارتـــــی دیموكراتی كوردستان و كەسایەتی بارزانی نەمر. (2)
بێجگە لەمە. لەناوخۆو دەرەوەی كوردستانیش،چەند دەستێكی ناپاك و تێكدەر لەپشت نوسینەكانی ناوبراوەوە هەن و، بۆی چاپ و بلاَو دەكەنەوەو تەنانەت گفتوگۆشی لەگەڵدا دەكەن، هەروەك لەسایتی كوردستان كۆست دا كراوە.
ئەگەرنا، كاكی سیخور خوێندەواری یەكی ئەوتۆی نی یەو، ئەم راستی یەش بە بەراورد كردنی بەرگی یەكەمی (درێژدادرینەكەی) لەگەڵ بەرگەكانی تری، بۆ خوێنەر زۆرباش رون دەبێتەوە. ئاخر، كاری ئەو نوسینەوەی مێژوو نەبووە. بەڵكو ئەو كاری ئەو بریتی بووەلە
1_گواستنەوەی هەواڵی تێكشانەكانی (لەشكری شۆرشگێری كوردستان) ، بۆ سەركردایەتی بەعسی گۆركراو. بەپێ ی قسەی زۆرێك لە كەس و ناسیاوی ناوبراو، هەركاتێك ئەم زاتە ناموبارەكە بیستیێتی كەلە بەرەیەكی شەر، شۆرش زیانی لێكەوتوە، ئەوا ئەم هەڵساوە بەكرینی (هەنگوین و پەنیروماست) و، هاوكات لەگەڵ گەیاندنی هەواڵەكەدا،ئەم دیاریانەشی بۆ ئاغاكانی بەدیاری بردووە.
2_ تێكۆشاوە كە خاڵە لاوازەكانی شۆرشی كورد، بۆ ئاغاكانی رونبكاتەوەو پێیانی بناسێنێت. بۆ ئەو مەبەستەش، چەند ناپاكێكی لەچەشنی خۆی پەیدادەكات ودەیان نێرێتە گەلاَلە، بۆ وەرگرتنی زانیاری. (3)

3_ ئاشكراكردنی ناوی پیاو ماقوڵ و كەسایەتی یە ناودارەكانی ناوچەكانی مەرگەو پشدەروبیتوێن و كۆیەو. . . . . . ی سەربەپارتی. بۆ ئەمنی عاممە.
4_ خۆشكردنی شەڕو ناكۆكی نێوان (ئاغاو جوتیارەكانی) ناوچەی پشدەر.
5_ نانەوەی دوبەرەكی لەنێوان ئاغاكانی پشدەردا.
6_ هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی زۆر یێك لە بەرپرسەكانی شۆڕش، بۆ ناو حكومەت.
7_ دنەدانی دەسەلاَتدارانی حكومەت، بۆ دژایەتی كردنی خواستەكانی شۆڕش و سەركردایەتیەكەی.
ئەمانە دلۆپێكن لەدەریای تاوانكاریەكانی ئەو سیخوڕە،كەلێ ی ئاشكرابوون و ئەوەی دووڕۆژ ئەم زاتەی ناسیبێت،گەواهی لەسەر ئەو تاوانانەی دەدات. ئاخۆ دەبێ چیتری كردبێت، یان بەتەمای چیتر بوبێت و تا ئێستا بۆ خەڵكی كورد ئاشكرا نەبوون؟ ناوبراو ناوی كتێبەكانی ناوە (كورد دوژمنی خۆت بناسە) . بەڕاستی ئەوەیان مایـــــەی تێڕامان و پێكەنینە. ئاخر كەسێك نزیك بە 33 ساڵ سیخوڕبوبێت و هاوشانی دامەزرێنەرو كودەتاچی یەكانی بەعس بوبێت و ئێستاش ئەو ئامۆژگاریمان بكات و فێرمان بــــكات چۆن دوژمنی خۆمان بناسین؟
بەمەشەوە ناوەستێت و دێت، ئامۆژگاری سەرجەم پیاوەئاینی یەكانی كوردستان دەكات،كە بیرلەخاك و نەتەوەكەیان بكەنەوە. هەروەها ڕێگا ی خەبات كردن نیشانی لاوان دەدات و ئامۆژگاری یان دەكات. ئەمجار چەند ئامۆژگاری یەك پێشكەش بـە بەڕێزان،تاڵەبانی وبارزانی دەكات. لەهەمووشی ئابڕوبەرانەتر ئەوەیە كە، لەبەرگی چوارەمی درێژدادرینەكەیدا دەڵێ، ئەگەر دوو ملیۆن دینارم لەبەردەست دابوایە،ئەوا كوردم دەگەیاندە باشترین ڕۆژگارو،دەمتوانی مافی گەلی كورد بەدەست بێنم. !!!
ئەو برادەرە، لەزۆر شوێنی چواربەرگی درێژدادرینەكەیدا، باس لەوەدەكات كە، چۆن بەڕێزتاڵەبانی دیتوە لە سوریا و، یان چۆن ئەندامانی پارتی دیتون لە ئێران و توركیاو ئێراق و ولاَتانی تر. زۆر بێشەرمانەو زۆربە بێ (ئەمانەتی) دەنوسێت، لەودیدارانەدا پرسم پێدەكرا، یان ڕێگای خەبات و زمانی دیالۆگم فێردەكردن
دیارە ناوبراو لەڕێگای كاك شەفیقی ڕەحمەتی برایەوەو،هەروەها لەڕێگای كاك عـــلی ئامۆزایەوە،هەوڵی داوە پەیوەندی بكات بەشۆڕشەوە،بەلاَم ناوبراو لەهیچكات وساتێكدا جێ ی باوەڕی شۆڕش نەبووە. ئاخركوردێك هەرلەسەرەتای دروستبونی بەعـــسەوە، لەكونی خۆی هەڵگەڕابێتەوەو بوبێتە بەعسیەكی ئەووەل باب، دەبێ خێری چی هەبوبێت بۆكورد؟؟
هەروەها، لەهەمووبەرگەكانی درۆ نامەكەیدا، چەندین تاوانی نابەجێ دەداتە پاڵ سەركردەی ڕوحی نەتەوەی كورد، بارزانی نەمر. ئەوەتا بێ هیچ بەڵگەیەكی مێژویی، یاخود شاهید عەیانێك، دەڵێ دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، هەمیــشە جنێوی دەدا بە قازی محەمەد. جنێوی وا كە پیاو ڕوی نایەت بیان گێڕێتەوە (4) جێ ی خۆیەتی لێرەدا من بە و كۆنە (وانێك) ە (5) بڵێم. ئەمەیانت درۆیەكی شاخدارەو زۆر دوورە لەڕاســــــــــــــــنی. .
تەواوی بەڵگە مێژوویی یەكانی كە، چ جاسوسە ڕوسەكان، یان ئینگلیزەكان، یاخود سیخوڕەكانی سەر بە حكومەتە ئیقلیمیەكانی دەوروبەر كە، لەسەربارزانی نەمـــر یادداشتیان كردووە، جا چ لەسەردەمی كۆماری كوردستان دا بوبێت، یا لەسۆڤیەت یاخود لە ئێراق و كوردستان و، وە بە درێژایی شۆڕشی ئەیلولیش. نەبیستراوەو، نە بینراویشە كە، بارزانی نەمر جنێوی بە پێشەوا قازی محەمەد دابێت

من لێرەدا ڕولەتۆ دەکەم و پێت دەڵێم، درۆ نەما نەیکەیت، ئەوە نەبێت؟ باشە ئابەو جۆرە تۆ دەتەوێت بارزانی نەمرو ناوی پیرۆزی لەکەدار بکەیت؟؟. باشە چۆن ناموس و ڕەووشتت، ڕێگای پێدایت ئەم بوختانە بێ سەرو بەرە بکەیت؟؟.

ئەی سەرۆکی شازی هۆزم، تۆی دروشمی ناوی کورد
ڕێبەری بێمەرزی عەرزم، تۆی گلینەی چاوی کورد
شاهەڵۆی سەر شاخ و داخی بارزانی بەرزی تۆ
هۆی هومێد و هێزی هەستی قەومی لێقەوماوی کورد
وەك مەسیحا، ڕۆحی پاکت کوردی زیندو کردەوە
سەرلەنوێ ژینی ژیاوە، دەبدەبەی دۆڕاوی کورد
گاندیەك بوی بۆ تەواوی هۆگرانی ئاشتی
بویە قیبلە بۆ ژنان و کیژ و پیر و لاوی کورد (ح. سۆران)

ئاخر تۆیەکی، جاسوس و نیشتمان فرۆش، بەو ئاخری عومرەت کە، کورد گوتـــەنی پێیەکت لەسەر لێوی قەبرە، ئەم درۆو بوختانە دور لەڕاستی یانە بکەیت، ئاخـــــــۆ بەگەنجیەتی، دەبێ پەرێزت چۆن بوبێت و دەبێ چیت کردبێ وچیش مابێ نەتکردبـــــێ؟ بۆیە دەڵێم، بارزانی نەمر ناحەقی نەبووە کەتۆی ناموبارەکی باش خوێندۆتەوەو، هـــەر زوو بەزوو تۆشی وەك (دەستە خوشکەکانت) ناسیوەو نەی هێشتوە نزیك شۆڕش بکەون. لەکاتێکدا کە، هەمووبەرگەکانی درێژ دادرینەکەت لەژێر یەك ناوو نیشان دایە،بەلاَم ئەگەر ورد بینانە تێفکرین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە، نەتتوانیوەخواستەکـــــەت بێنیتەدی. لەمەشیانتدا هەر ئابڕوچونت بۆماوەتەوە. ئاخر ئەوەندەی کە بەدژایەتی کردنی شۆڕشی ئەیلول و بارزانی نەمرەوە خەریك بویت، نیوئەوەندەو بگرە چارەگێکی ئەوەندەش بەناساندنی دوژمنەکانمانەوە خەریك نەبوویت.

کاکی سیخوڕ بەوەشەوە ناوەستێ و، هەوڵی خۆشکردنی ئاگرێکی تری ناوخـــۆ دەدات بەلاَم ئەحمەقانە، ئەوەتا باس لەکوشتنی چەند کادرێکی کۆنی پارتی و تازە یەکیەتی وەك علی عەسکەری و دکتۆر خالید و........دەکات وبێ ئەوەی بزانێ ئەوانە چۆن تێداچون وکێ سەبەبکاری یەکەمی کوشتنی ئەوانەبوو. دێت و ڕاستەو خۆ ئەکارە دەخاتە ملی پارتی و بنەماڵەی بارزانی. یاخود باس لەکوشتنی حەمەداغای مێرگەسورو فاخـــــیری کوڕی دەکات و، ئەمیش دەداتە مل بارزانی نەمر. ئەمە لەکاتێکدا، لەکاتی کوشـــــــتنی علی عەسکەری و هاوەڵەکانی، یاخود کوشتنی حەمەداغاو فاخیری کوڕی، لەهـــیچ کام لەو کارانەدا، بارزانی نەمر ئاگادارنەبوەو بگرە لەو کاتانەدا کـــەئەوانەی تێدا لەناوچون، بارزانی نەمر لەکوردستان نەبووە.

درۆو بوختانە بێ بناغەکانت، بەجێگایەك گەیشتون کە ئیتر پیاو لەوزەیدا نامێنێ و دەیەوێ بە چەشنی ئەو پیرێژنە بکات کە لەکەشتی یەکدا کتێبەکەی (لۆنس سنکلر) ی دەخوێندەوەو هێشتا هەرلەسەرەتای خوێندنەوەی کتێبەکەدادەبێت کە، لێ ی بێزار دەبێت و هەڵیدەداتە ناو دەریاوە. (6).

دڵنیابە. کاتێك کە کاری سیخوڕیت کردووە چەند چارەگران و ناحەزو ڕیسوابویت لە بەرامبەر خەڵکی کورددا، ئێستاکە سەد ئەوەندە ڕیسواترو خۆفرۆش ترو خاین تـــر دێیتە بەر سێرە.

تۆ بەکام لۆجیك، ئەو حەقە بەخۆت دەدەیت کە، شتی نەبوو و ڕونەداو بلاَوبکەیتەوە؟ کوا بەپێ ی کام دەکومێنتی مێژوویی، یان شاهید، دەنوسیت کە، کاتێ بارزانی نەمر لەساڵی 1959 گەڕایەوە ئێراق (7)، (پارەیەکی زۆری ئێرانی پێدام، کە لەبازاڕبیگۆڕمەوە. بەلاَم کاتێ بردمە لای سەڕراف گوتی، ئەوپارەیە کۆنەو هی سەردەمی ڕەزاشایەو کۆن

بووه،کاری پێناکرێت و........................................................................
.( .........).

ئافەرین نوسەری درۆزن!! بەڕاستی ئەمەیان لەبێ هزری و نەبونی زانیاری تەواوو بێ سەلیقەیی و خۆفرۆشیتەوە، سەرچاوەی گرتووە. ئەگەرنا تۆی کاڵفامو خڵەفاو، دەبو هیچ نەبێ چاوێکت گێڕابایە بەو هەزان دەکومێنتانەدا کە، لەسەر ڕێڕەوە مێژوویی یەکەی بارزانی نەمر تۆمارکراون.

جەنابی سیخوڕ، تۆ لەوەشیاندا زۆر بەقوڵی بەسەهودا چوویت. ئەمەشیانت وەك کوردایەتی کردنەکەتە. ئاخر کوردایەتی یەکەشت ئاوا کردووە، بۆیە ئێستاکە عەتری هەموو جیهانت پێدابکەن، بۆنی خیانەتت هەر لێدێ و لێت نابێتەوە. !!

بارزانی نەمر لەدوای گەڕانەوەی بۆ عێراق، نە تۆی دیتوەو نەپارەی ئێرانیشی داوە بە تۆ. تەواوی بەڵگە مێژوویی یەکان ئەو ڕاستی یە دەسەلمێنن کە، لەکاتی ڕێڕەوە مێژوویی یەکەدا، سەروەت و سامانی بارزانی نەمر تەنهاو تەنها 18 دیناری ئێڕاقی بووە. ئەویش لەکاتی ڕێڕەوەکەدا، لەگوندێکی نزیك بەسنوری سۆڤیەتی کۆن، پێشمەرگەیەك زۆری برسی دەبێت و لەدوکانێکی ئەو گوندە کە، هەندێ خورمای لێدەبێ، پێشمەرگەکە لەبرسان خورمای دوکانەکە هەڵدەگرێ و دەڕوات. پاشان خاوەن دوکان خۆی دەگەیەنێتە لای بارزانی و شکات دەکات. بارزانی نەمریش زۆر سەرزەنشتی پێشمەرگەکە دەکات و لەبری خورماکە، ئەو 18 دینارە دەدات بە خاوەن دوکان (8،9) .

دیسان بەپێ ی تەواوی بەڵگە مێژوویی یەکان، لەسۆڤیەتیش ئەمان، واتا (بارزانی و هەڤالانی) دەست بەسەربوون و حسابی دیلی جەنگیان بۆکراوە، تا ئەو ڕۆژەی کە دەگەڕێنرێنەوە ئێڕاق. لەوێش بە نانە سکی ژیاون و لە کێڵگە کشتوکاڵیەکاندا قورس ترین کاریان پێکراوە. بارزانی نەمریش یان ئەوەتا لەئاشێکی گەنم هاڕین، یان لە قەسابخانە، ئیشیان پێکردووە. لەبری ئیشەکەشی ڕۆژانە خواردنێکی سادەیان داوەتێ.

بالەسەر بێ پارەیی بارزانی نەمر لەسۆڤیەت چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە کە، تۆ دوای خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە، دەبێ بەخۆتدا بچیتەوە و تێبگەیت کە تا چ جێگایەك بەهەڵەدا چویت و نوسینەکانت لەسەر بارزانی نەمر، سەرتاپا درۆو بوختانن.

ساڵی 1991، لەگوندی (کوردەمیر) ی سەر بە ئازربایجانی سۆڤیەتی کۆن، چاوم کەوت بە پیرەمێردێکی تەمەن 89 ساڵە بەناوی (سلێمانی عەڤدی) . دیاربو کە ناوبراو لەکاتی خۆیدا سەروکارێکی باشی لەگەڵ بارزانی نەمردا هەبووە زۆر شتی نایابی لەسەرجوانمێری بارزانی گێڕایەوە بۆمان. یەکێك لەو بابەتانە، مەسەلەی بێ پارەیی و دەستکورتی بارزانی نەمر بووە لە سۆڤیەت.

ناوبراو لەگەرمەی گێڕانەوەی سەروەریەکانی ژیانی غوربەتی بارزانیدا گوتی، ساڵی 1947 بوو. بارزانی هاتە ئەو گوندەی ئێمە. (مەبەستی ناو براو گوندی کوردە میرە) .

زستان بوو و دەرودەشت بەفرو قوڕبوو. ئەو ترومبێلەی کەبارزانی و دوو هاوڕێ کەی تێدابوون، لەدەری گوند لە قوڕدا چەقیبون. بەهۆی چەند لاوێکی کوردی ئەو گوندەوە، زۆرمان هەوڵدا تا ترومبێلەکە لەوقوڕە دەربێنین، بەڵام هەوڵەکانمان بێ سود بوو. ناچار پەنامان بۆ کەسێك برد کە ترومبێلێکی گەورەی پێبوو،دوای ئەوەی کە ترومبێلەکەی بارزانیمان دەرهێنا لەو قوڕو شڵتو شۆیە، بارزانی نەمر چووە لای شوفێری ترومبێلەکەو دوای سوپاسکردنی، دووپاکەت جگەرەی لەگیرفان دەرهێناو دای بەکابرای شوفێر.

پاشان من لەبارزانیم پرسی، بۆ ئەو دوو پاکەتە جگەرەیەتدا بەوکابرایە؟ لەوەڵامدا گوتی، هەر ئەو دوو پاکەتە جگەرەیەم شك دەبرد و ئەوەی پێ ی بڵێ ی کەپیك (کەپیك، بچوکترین یەکەی پارەی ئەوکاتی سۆڤیەت بووە) پێم نی یە.

بەڵێ، ئەمە بووە سەروەت و سامانی بارزانی نەمر لە سۆڤیەتی کۆن. ئێستا من تێناگەم، ئاخۆ دەبێ بارزانی کەڵە سەرکردەی کورد، ئەو هەموو تمەنەی لەکوێوە هێنابێتەوە ئێراق و چۆن چۆنی، دابێتیەکاکی سیخور، بۆ ئەوەی بۆی بگۆڕێتەوە بە دیناری ئێراقی؟؟.
ئیتر من بۆم ناچێتەوە سەریەك. تۆ ئەو هەموو درۆو بوختانانەت لەکوێ هێنان؟؟؟
جاران خەلكَی كورد تۆیان وەك، سیخورو خۆفرۆش و نەتەوە فرۆش، دەناسی.
بەلاَم ئێستاكە درۆزنی و بوختان كردنیشی هاتۆتەپاڵ.
لەگفتوگۆکانتدا لەگەڵ کوردستان کۆست، چەند شەکرێکی تازەت شکاندووە. باشە ماوە کاولی کەیت؟؟ بۆ ئەم بەڵگە شارراوانەت هەڵدەگریت بۆ دوای دەستور؟؟بۆ ئێستا بلاَویان ناکەیتەوە؟؟. تۆ سەرت لەگاشە بەردەکانی کوردستاندا، کەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆك بارزانی، بەتۆی گوتووە خاوەنی یەك دۆلارنیم؟ باشە بۆ شەرم نات گرێ و بۆ بەخۆت و درۆکانتدا ناچیتەوە؟. یان چی هەیە تۆ سەرۆك بارزانی پێ بخەیتە گریان؟؟تۆی سیخورِ چۆن چۆنی لەو کەڵە سەرکردەیە گەیشتویت؟؟. ئای کە یاغنیشیت کاکی سیخورِ.
دوا فیشەك كە دەی هاوێژیت ئەو فیشەكەیەكە، بەڕێزان سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی حكومەتی كوردستانی پێ تاوانباردەكەیت و دەڵێیت، ئەوان نیازی كوشتنی منیان هەیە و بەدەسكیسی ئەوان نارنجۆك خراوەتە ماڵی من. بەڕاستی دەبەنگیت. باشە تۆ خۆتت پێ مرۆڤێكی زیندووە؟؟ ناكا ئاواهی بیرت كردبێتەوە؟؟. تۆ دەبێ باش ئەو ڕاستی یە بزانیت كە، بێجگە لە دەستەخوشكەكانت، ئەوەی تر لە خەڵكی كورد،حسابی مردویەك بۆ تۆ دەكەن. ئاخر تۆ بەزیندویەتی مردویت. كەی مرۆڤی خاین و خۆفرۆش زیندووە؟. ئەوە شتێك نی یە شاراوەبێت لە خەڵكێكی سادە. ئەی دەبێ چۆن چۆنی بەڕێزان (كاك مەسعود و كاك نێچیر) بیر لەكوشتنی مردویەك بكەنەوە؟؟.

تۆ بە حساب سیخوڕێکی بە ناوودەنگی بەعسی باونەماوبویت و ئاگاداری زۆر بابەتی حەساس و گرنگ بویت. بەلاَم مخابن ئاگاداری ئەوە نەبویت و نیشیت كە، عوسمانیەكان و كەپیتانەكانی ئینگلیزو سەرهەنگەكانی ئێران و ئامیرلیواكانی ئێراق وسوریا،سەرجەمیان ڕۆیشتن و، ئەوەی تاكاتی نوسینی ئەم چەند وشانە مابێتەوەو بشمێنێت، تەنهاو تەنها ئەوپارتی یەیە كە،بارزانی ڕابەرایەتی دەكات وتۆش خەونی گولی پێیەوە دەبینیت.

ئەگەرتۆ، كاربەدەكومێنتەكانی بەعسی ئاغات دەكەیت، ئەوە شتێكە. ئەگەرنا شەرمە بۆ پیرەمێردێكی دنیا دیتەی وەك تۆ، بێ بەڵگەی مێژویی
ئەوهەموو تاوانە دورلەڕاستیانە بخەیتە ڕوو. ئاخر تۆی لێكەوتوو، دەبێ باش ئەو ڕاستی یە بزانیت، خەڵكی ئەمڕۆ چاوكراوەیەو نوسین و درێژدادڕینی ناوێ.
نەوەی تازە، وا بۆ 14 ساڵ دەچێ كە ناوو زمانی ئاغای تۆ نازانێ و ناشیەوێــــــت بیزانێ!!!!.
هەروەك گوتم، وا بۆ چەند ساڵێك دەچێت خۆت گیرۆدە كردووە بەم درۆو بوختان و شتە هەڵبەستراوانەتەوە. ئاخر ڕاپۆرتەكانی كەبۆ بەعسی ئاغات دەنوسین هەربەم شێوازەبوون، بۆیە خۆشبەختانە، ئاغاكانیشت زانیان چیت لەباردایە و چ ماڵێكیت، بۆیە خستیانیتە كونی زیندانەوە. تومەز هەر بەو شێوازە درۆو بوختانیشت بۆ ئەوان نوسیبوو. چاوەش كە زۆری گوت، چاكیش دەڵێ و خراپیش. بەلاَم تۆی سیخورِو خۆفرۆش و نەتەوە و خاك فرۆش، هەرچی دەیڵێیت لەگەڵ شەرع و عورف و قانون یەك ناگرنەوەو

دورن لەهەموو یاساو نەریتێك. ئەوەبێجگە لەوەی کە نوسینەکانت پڕن لە هەڵەی ڕێزمانی،
ئەمجار درۆو بوختانی هەڵبەستراوو داتاشراو، کورد گوتەنی کلاَش دەکەن.
باشە، خۆت گوتەنی پارتی و بەعس و تەنانەت یەکیەتیش دوژمنت بوون و،زۆرجارئەوانە
گرتویانیت و خەریکی لەناوبردنت بوون. تەنانەت دواجار بەقەولی خۆت یەکیەتی تـــــۆ
دەگرێت لەگەڵ (موختاری عبداللەی حاجی غەریب) ی قەلاَدزەیدا، یەکیەتی ئەم
گوللەباران دەکات و تۆش بۆ غەمی ئەودنیایە دەهێڵتەوە. باشە من لەتۆ دەپرسم،لەوکات و
ساتانەدا، لەوسێ دەسەلاَتە زیاتر،چ دەسەلاَتێکی تر، وجودی هەبووە لە سەرتاسەری
عێراقدا؟؟. باشە ئەگەر هیچ کام لەو دەسەلاَتانە دانی خێریان بەتۆدا نەنابێ، پێم ناڵێ ی
تۆی سیخوڕ چ مرۆڤێك بویت و، دەبێ خێرت بۆ کام لا هەبوبێ؟؟؟؟.
بێ هیچ گومانێك، دڵنیام لەوەی کە، هەرچی بەهاوکاری نەیارانی بارزانی نەمر نوسیوتەو
لەمەولاش دەینوسیت، تەنها ڕەنگدانەوەی خەون و خەیاڵەکانتەو هیچی تر. ئەگەرنا
بۆ ئەو هەموو بوختان ودرۆیانەت، لانی کەم دەبوایە چەند بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو
وێنەدارت بلاَوکردبایەوە. کاتێ تۆ بۆ ئەم هەموو ڕوداوانە، تەنانەت بەڵگەیەکی باوەڕ
پێکراوت نەبێ کەپاسادانی ڕاستی نوسینەکانت بکەن، ئیتر دەبێ نوسینەکانت بکەونە چ
خانەیەکەوە؟؟.
نوسینەکانت نەك هەر نەیان توانیوە کە، کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پڕبکەنەوە، بەڵکو
گەورەترین کەلێنیشیان خستۆتە ناو کتێبخانەی کوردی یەوە. بێجگە لەمەش، کـــــورد
گوتەنی سەنعەتەکەی خۆشت بەم درێژ دادڕینانەت ڕەزیل تر کردووە و جارێکی تریش
سەرلەنوێ، بەو سەرو کەللە ناحەزو سیخوڕیەتەوە، خۆت نیشانی جەماوەردایەوە.
تۆیەك ئامادەبیت لەدەها شوێن، ناوی گەورە دیکتاتۆرەکانی وەك خومەینی و سەددام
بە بەڕێز سەددام و بەڕێز خومەینی، ناوبەریت وبنوسیت و، بەبارزانی نەمریش بڵێت
(مەلامستەفا) ، ئیتر دەبێ تۆ چ کوردێك بیت؟؟.
تاکە کارێکی چاکت کە، خەڵکی ناوچەی پشدەر لێ ی ئاگاداربن ئەوەیە کە، سەری
(حەمەی مەلا شەریف) ت، خواردو بزوتنەوەکەیت کپ کردەوە. (10)
من پێم وانی یە کە تۆ، ڕۆژێك لەڕۆژان، لەتەواوی ژیانی سیخوڕیتدا کۆمەکەکت بەتەنها
کوردێك کردبێت. ئاخر تۆ لەهەموو شوێنێکدا دەیڵێیت و دەنوسیت کە، بۆچون و ڕاکانی
مەلامستەفام دەگەیاندە لای بەڕێز ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، یان سەددام حوسێن. یاخود
پێشنیارەکانی بەڕێز مام جەلالم دەخستە بەردەم بەڕێز سەددام حوسێن. یان دەنوسیت
داوام لەسەرکردایەتی حزبی بەعس دەکرد کە، فلاَنە شت بکەن و فلاَنە نەکەن.
باشە تۆیەك ئاوەها کاریگەرو پۆلو بوبیت لەبەردەم بناغەدانەرانی بەعسدا،
ئەی بۆ کاتێ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول،کاتێ کۆمەڵێك لە پێشمەرگە کۆنەکانی
شۆڕشی ئەیلول وەك، ئەحمەدی حەمەی عەولاَو کاك ڕەسوڵی محەمەد دڵشادو مامۆستا
عەزیزو کاك عوسمانی مام شەفیق و. . . . . . . . . . . . گیران و (11) ، دایك و باوك و کەس
وکاری ئەو نەمرانە،ڕویان لێنایت و داوایان لێکردیت کە کارێکت لەدەست بێت تا ئیعدام
نەکرێن.
کوا چیت لەدەست هات بۆ ئەو نەمرانە، بێجگە لەوەی کە گوتبوت وەڵلاَ بابە هیچم
پێناکرێت و دەستم لەگونان درێژترن لەوبەغدایە.
باشە بۆ کیسەڵ ئاسا سەرت خستۆتە ناو قاوغەکەتەوەو هیچ ناڵێیت؟؟ بۆ باسێکی ئەم
بابەتەت نەکردووەو شتێکت لەسەر نە نوسیوە؟؟. یان ئەوەتا کورد گوتەنی، وەك کابرا
(هەربەخاڵی خۆت فێری) .
تۆ پەروەردەی قوتابخانەی ئەنتی بارزانیت. بۆیە من لە نزیکەوە پێت دەڵێم، ئەگەر تا

ئێستاش، واتا، تاکاتی خوێندنەوەی ئەو چەند ووشانە، تێنەگەیشتبیت و پێنەگەیشتبیت، ئەوا دوای خوێندنەوەی ئەو وەلاَمە کورتە بۆ هەرچواربەرگەکانی درێژدادڕینەکەت و ئەوانەی تریش کە دەشێ دەربچن. هەوڵ بدە (غەسلی درۆوبوختان) لە خۆت دەربکەو بەپێ ی پەتی، ڕێبکەو بچۆرە سەرمەزاری نەمران و،سەری ڕێزو نەوازش دانەوێنە و پەیمان بدە بەو نەمرانە (هەروەك کە، بەرێز تاڵەبانی دوای 49 ساڵ لە دژایەتی کردنی حزب و بنەماڵەی ئەو سەرکردانە، سەری ڕێزی لەبەرامبەر (کێلی سەرقاچیان دانەواندو بەمەشەوە نەوەستاو دوای زیارەتەکەی، بڕیاری بەخشینی 400000 دۆلاریشی دەرکرد بۆ خەڵکی زوڵم دیدەی ئەم ناوچەیە) کە ئیتر ببڕای ببڕای، هەڵەی وا لەژیانتدا ناکەیتەوە. لەکۆتایدا دەڵم

کامتان ئێستاکەش پێیوایە، پاڵەوانی شارو چیایە
کامتان ئێستاش وادەزانێ، بێ ئەو ژانمان لەبن نایە
لە ئاست خۆڵی ژێرکێلی گلکۆی ناوداری بارزانیدا
بالاَکن. نرخ هەرزان. سوك،چەشنی پوشێکی دەم بایە

پەراوێزەکان

(1) کەمال پشدەری. برای ڕەفیق پشدەری یە. ناوبراو لەسەرداوای ڕەفیقی برای پەیوەندی بە حزبی بەعسی عێراقی یەوە دەکات. پاشی چەندین ساڵ لە کاری سیخوڕیەتی کردن، لەشاری سلێمانی، وەك بەرپرسێك لە دائیرەی ئەمن کاردەکات تا سەرهەڵدانی پیرۆزی ساڵی 1991. لەوسەرهەڵدانەدا دەکەوێتە دەست خەڵکی ستەم دیدەی کوردو دەکوژرێت. پاشی کوژرانیشی سەری دەبڕن و، کەللەی سەری بڕڕاوی لە فولکەی بەردەم (پارزًگار) ی سلێمانی دادەنێن.

(2) زۆربەی زۆری ئەندامە کۆنەکانی ناوپارتی لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕەفیق پشدەری زۆرجارو،لەزۆر ڕێگاوە هەوڵی ئەوەی داوە کە پەیوەندی بە پارتی یەوە بکات. وە زۆرجار وای نیشانداوە کە، هەوڵدەدات ڕێگاچارەی کێشەی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی ئێراق بدۆزێتەوە. بەلاَم دوای ئەوەی کەسەرکردایەتی شۆڕش (چەندیەتی و چۆنیەتی) ناوبراوی بۆڕون بۆتەوە، نەك هەر پێشنیارەکانیان فەرامۆش کردووە، بەڵکو هەوڵدراوە کە،نەتوانێ چیتر پەیوەندی بە شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕشەوە بکات و نەهی یەکجارەکی لێکراوە. من پێم وایە ئەو (نەهی) یە،تامردنی ناوبراو دەخوات.

(3) یەکێك لەوکەسانەی کەناوبراو بەدبەختی دەکات، کوڕێکی بەئەسل پشدەری بەناوی (فەتاح
هەمزە قیلە) دەبێت. پاش ئاشکرابونی،لەلایەن دەستگای پاراستنەوە دەگیرێت، پاشان فەتاح
ناوی ڕەفیق دەدات و باس دەکات کە ئەو ناردویەتی بۆ ناو شۆڕش تا زانیاری کۆبکاتەوە.

(4) بەڵگەنامە مێژوویی یەکان، ئەوە دەسەلمێنن کە، خۆشەویستی نێوان پێشەواقازی محەمەدوبارزانی ئەمر،گەیشتبوە ئەو ڕادەیەی کە خەڵکی ناوچەکە دەیان گوت ئەوە خۆشەویستی یەکی خوایی یە. بارزانی نەمر بەجۆرێك تێکەلاَوی حکومەتی کوردستان و قازی پێشەوا ببو، کە مایەی سەرسوڕمانی سۆڤیەتی یەکان بوو. تەنانەت سۆڤیەتی یەکان، ئەم خۆشەویستی و هاوکاریەی نێوان پێشەواو بارزانی یان بەمەترسی یەك دادەنا. بەڵگە

مێژویی یەکان ئەوە دەسەلمێنن کە، بارزانی نەمر ئامادەبووە پێشەوا لە زیندان ڕزگاربکات بەوەی کە هەڵکوتێتە سەرزیندان. ئەمجار تەواوی بەڵگە کوردی و بیانی یەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە، لەدوا دیداری هەردووك سەرکردەدا، بارزانی نەمر بە پێشەوای قارەمان دەڵێ وەرە لەگەڵم. سۆێندت بۆدەخۆم کە تا دوا هەناسەی ژیانم بت پارێزم. ئەگەر گوللەیەك بێت، ئەوا پێشان بەر من دەکەوێ و ئەگەریش لەبرسان مردین، ئەوا پێش تۆ من دەمرم.
(5) وانێك. لەبری (هین) ی خەڵکی سلێمانی بەکاردێت. زیاتر گوند نشینەکانی دەوروبەری پشدەر ئەمە بەکار دەهێنن.
(6) لۆنس سنکلر، دەڵێ، لەناوپاپۆڕێکدابووم کە لەدەریای ئەتڵەسی تێدەپەڕی. ژنێکی پیرم بینی خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکەی ئەم دوایی یەم بوو. ئەوکتێبەی
کەشەڕەچەلەحانەیەکی زۆری لەسەرکرا،جابەپێ ی ئەوپەڕانەی کەخوێندبوویەوە پێم وابوو کە گەیشتۆتە ئەوشوێنەی کەجێ ی چەلەحانێکەبوو. بۆیەبەوردی چاودێریم دەکرد بۆئەوەی بزانم کاردانەوەی چۆن دەبێ،پاش کەمێك بینیم هەستاو، زۆربەهێمنی و بە هەڵوێستەوە چەند هەنگاوێکی بەرەو لێواری کەشتی یەکە هەڵێناو
ئەوجار هەتا هێز لەدەستی دابوو کتێبەکەی هەڵدایە ناو دەریاکەوە.
(7) دیارە کە بارزانی نەمر لەساڵی 1958 دا گەااوەتەوە ئێراق، نەك ساڵی 1959، وەك کاکی سیخوڕ نوسیویەتی.
(8) البارزانی والحرکه التحرریه الکردیه. مسعود بارزانی.
(9) قوربان بلوج، گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا. ئەمیش بەهەمان شێوە ئەو ڕوداوە دەگێڕێتەوە. ناوبراو دەڵێ تەواوی سەروەتی بارزانی 18 دیناری ئێراقی بوو لەکاتی ڕێڕەوەکەدا.
(10) حەمەی مەلا شەریف، جوتیارێکی سەر بەناوچەی پشدەربوو. دوای نسکۆی ئەیلول، بەهاوکاری
کوڕوخزمەکانی،دژی ئاغاکان و حکومەت ڕاپەڕی و یاخی بونی خۆی ڕاگەیاند. لەکاتێکدا کە حکومەتی عێراق پێ ی وابوو کە ئیتر یاخی بوون ڕونادەتەوە، بەلاَم کاتێك هەواڵی یاخی بونی حەمەی مەلاشەریف
بلاَوبووەوە،حکومەت کێچ کەوتە کەوڵی و بەپەلە ڕەفیق ی سیخوڕیان ناردە لای تا بزانن داواکاری چی هەیە تا بۆی جێ بەجێ بکەن. مام ڕەفیقی کۆنە بەعسی و کۆنە سیخوڕیش، خۆی گەیاندە لای ناوبراوو
دوای گفتوگۆ ی لەگەڵ ناوبراو، گەڕایەوە لای ئاغاکانی لەبەغدا و، ئیتر بزوتنەوەی حەمەی مەلاشەریف
بەچەشنی بەفری پار توایەوەو نەما.
(11) ئەمانە کۆمەڵێك پێشمەرگەی ناوشاربوون و،لەلایەن دەستگای ئیستیخباڕاتی شاری قەلاَدزەی
بەعسەوە گیران و،پاش ماوەیەك ئیعدام کران. لەناو ئەو گیراوانەدا، تەنها یەکێکیان بەناوی ڕێزدار (مەحمود مامەلاوە) ئازاد کرا.